رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە
لەدەزگای هاوکاری چاپ و بڵاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

ژمارە ٢٤٤ ٢٩-١١-١٩٧٤

لەم ژمارەیەدا

- ئەمجارەش لەبارەی تەنگوچەلەمەی نەوتەوە : رەنج ل٢
- تاریك و روون لەبۆچونێکی مرۆڤانەدا : دڵشاد محمد امین ل٣
- راپۆرتێکی رۆژنامەگەری لەشاری هەولێرەوە ل٤
- حاجی قادری تێکوشەرو شۆرشگێڕ ل٥
- مێژووی ماد ل٦

لەگەڵ چەند بابەتێکی تر ئەخوێنیتەوە .

رێژیمی تاران چەك وتفاقی تازە لە ئەمەریکا ئەکرێ

دامەزراندنی کۆمپانیایەك بەسەرمایەی "٣٥٠" ملیۆن دۆلار

رۆژی ٢٨-١١ بڵاوکرایەوەکە عیراق و میسر کۆمپانیایەکی دوو قۆڵی‌یان دامەزراندوەبەناوی (کۆمپانیای بەرهەم هێنانی پیشەسازی عەرەب) وسەرمایەکەی ٣٥٠ ملیون دۆلارە . وە بەپێی ریککەوتنی هەردوو لا هەردوو دەوڵەت هەریەکەی ٥٠٪ی ئەو سەرمایەدائەنێن .

وەبەرێز علی الحمدانی سەرۆکی دەزگای گشتی پشەسازی ئەندازیاری بەنوێنەری رۆژنامەی - الثورەی وتوە کە کۆمپانیاکە ئەنجومەنێکی بەرێوەبردنی ناوکۆیی ئەبێت و جگەلە پیشەسازی ئەندازیاری و مەعدەنی . کومپانیای بەرهەمی شەمەنەفەرو پاسی گەورەش پێك دێنی .

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

هەفتەی رابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئەم بڕیارەی خوارەوەی بڵاوکردەوە: بەپێی ناوەرۆکی برگە (أ) لەبەندی چل و دووی دەستوری وەختی ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەکۆبونەوەی رێککەوتی ١٩-١١-١٩٧٤ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

١ - ئەو قوتابیە کوردانەی کە خۆیان ئەگەیەننە نزکترین دەسەڵاتی سەربازی پێش یاخود کاتی کارکردنی ئەو بڕیارە لەوسزایانە ئەبەخشرین کە لە ئەنجامی چونەریزی یاخی بوانەوە ئەیانگرێتەوە . وە رێگایان ئەدرێ کەبچنەوە ئامۆژگاوقوتابخانەکەیان و بخوێننەوە .

٢ - ماوەی کارکردنی ئەوبڕیارە بیست رۆژەو لەگەڵ بڵاوبونەوەیدا لە رۆژنامەی رەسمی‌دا کاری پێ ئەکرێ .

٣ - ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمی‌دا بڵاوئەکرێتەوەو لایەنەخاوەن پەیوەندی‌یەکان جێبەجێ ئەکەن .

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆرش

تیرەباران کردنی "٦١" کەس لە حەبەشە

رۆژی ٢٤-١١ ئەمان ئەندۆم سەرۆکی رێژیمە میلیتاریستەکەی حەبەشەو ٢٢ ئەفسەر کە هەژدەیان جەنەڕاڵن لەگەڵ دووسەرەك وەزیری پێشوو چەندوەزیرێك و نەوەی قەڕاڵ هیلاسی لاسی و ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی تیرەباران کران . وەتاوەکو ئێستاش بەباشی روون نەبۆتەوە کە ئایا هیلاسی لاسی چی بەسەر هاتووە . وە چەندهەواڵێکیش وائەگەیەنن کە رادیۆی ئەدیس ئەبابا وتی :٦١ کەس تیرەباران کراون و چەند کەسانێکی تریش بەتۆمەتی ناپاکی و دزینی ماڵی میللەت چاوەڕوانی محاکەمە کردن ئەکەن .

رۆژنامەی (الاهرام) کە لە قاهیرە دەرئەچێ وتی :- رووداوەکانی رۆژی‌یەك شەممەی رابوردوو بەسەرکەوتنی کۆمەڵەی چەپڕەوی نیشانی تەواوبوو ، وە تیرەباران کردنی نەوەکەندی قەڕاڵ وائەگەیەنێ کەسیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە گۆڕاو بەرەسمی ئیعلان کردنی سیستەمی جمهوری ئەوەندەی نەماوە .

ئاژانسەکان

مۆرکردنی پەیمانی جێبەجێ کردنی پرۆژەی نەوت بردن بەتورکیادا

رۆژی ٢٦-١١ پەیمانی جێبەجێ کردنی پرۆژەی بوری نەوتی خاوبردن بە خاکی تورکیا دا مۆرکرا . ئەو پرۆژەیەش ئەوەندەی بەخاکی عیراق دا تێ ئەپەڕێ لە ماوەی بیست و چوار مانگدا تەواو ئەبێ و نزیکەی چل ملیون دیناری تێ ئەچێت .

درێژایی بۆریە کانیش کە لە کەرکوکەوە دەست پێ ئەکات و لە دورتێلی تورکیا لەسەر دەریای سپی ناوەراست کۆتایی دێت ٩٨١ کیلۆمەترەیە . لەمە ٣٤١ کیلومەترەی بە خاکی عیراق دا تێ ئەپەڕێ و ٦٤٠ کیلۆمەتریشی بەخاکی تورکیا دا .

(قطر - تیرەی) بۆریەکانیش ٤٠ ئینجەو ساڵی ٣٥ ملیون تەن نەوتی خاویان پیادا ئەڕوات .

پەیمانەکەش لەلایەن دکتۆر مهدی شێخ علی سەرۆکی کومپانیای گشتی (استشارات) و نەخشەکێشانی پرۆژەی نەوتی عیراق و بەریوەبەری کۆمپانیای - مانسمان - ی ئەڵەمانیای رۆژئاواوە ، لە بەغدا مۆرکرا .

ئەوەی شایانی باسیشە رۆژی سێشەممەی رابوردووش هەمان کومپانیای گشتی (استشارات)ی عیراق لەگەڵ کومپانیایەکی ژاپۆن‌دا پەیمانێکی مۆرکرد بۆ ئەوەی پروژەکەچەند بوری پیویستە ژاپون بیدات و ئەمەش بایی ٤٠ ملیون دینار ئەبێ .. بەم پێیە ئەو پرۆژەیە لەوبەشەی بەعیراق‌دا تێ ئەپەڕێ شەست ملیۆن دیناری تێ ئەچێت

ئا.د.ع

یانزەهەمین کۆنگرێسی پارتی کۆمۆنیستی رۆمانیا

بۆخارست : ئەدن :- رۆژی ٢٥-١١ یانزەهەمین کۆنگرێسی پارتی کومونیستی رۆمانیا لەشاری بۆخارست گیراو نزیکەی ٣٤٦٢ نوێنەری تیادا بەشداربووە لە کۆنگرەکەدا لەچەند راپورتێك ئەکۆلرێتەوە بۆپەسندکردنی و لەمانە راپۆرتی (بەرنامەی پارتی کۆمۆنیستی رومانیا لەپێناو بنیات‌نانی کۆمەلێکی سوشیالیستی پەرەسەندوو لە هەموو رویەکەوەو بۆ بەرەو پێش بردنی رۆمانیا بەرەو کۆمۆنزمی) .. هەروەها لەو پرۆژیە ئەکۆلرێتەوەکە بۆ ساڵانی ١٩٧٦ - ١٩٨٠ دانراوە لەگەڵ پەرەپیدانی ئابوری و باری کۆمەلایەتی وڵات جگە لەمانەش نوینەرەکان دەسکاری‌یەکی پرۆگرامی ناوخۆی حزب ئەکەن و لیژنەو ئورگانەکانی سەرەوە هەڵئەبژێرن ... وە بەشێوەی میوان نزیکەی ١٣٣ وەفدی پارتیە کۆمونیست و کریکاری و بزوتنەوەرزگاریخوازە نیشتمانیەکانی دنیابەشدار ئەبن .

رێژیمی تاران چەکی تازە دەکڕێت

رۆژی ٢٦-١١ جەنەرال حسن توفنیان جێگری وەزیری ئەرتەشی رێژیمی ئێران بۆماوەی سەعات و نیوێك لەگەڵ جێمس شلیسنجەری وەزیری بەرگری ئەمەریکا کۆبۆوە . وە یەکێك بە ناوی پەنتاگۆنی ئەمەریکاوە وتی : هەردوو لا لەو کۆبونەوەیەدا باسی چەندبابەت و مەسەلەیەکیان کردوەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتەوە هەیە !!.

بەڵام ئاگادارانی سیاسی وائەگەیەنن کە رێژیمی تاران نیازی وایە لە بودجەی ساڵی ئایندەیدا پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی چەك و تفاقی شەر لە ئەمەریکا تەرخان بکات .. ئەوەی شایانی باسیشە لە بودجەی پاری رێژیمی ئێران‌دا کە مانگی حوزەیرانی رابوردوو کۆتایی‌هات چوار هەزار ملیۆن دولار تەرخان کرا بوو ، ئەو پارەیەش هەموو درا بە چەك و تفاقی شەڕ .

رۆیتەر

ئەمەریکا ٦٤٠ ملیۆن دۆلار بەدوژمن ئەدات

واشنتۆن : ئاژانسەکان :رۆژی ٢٧-١١ بڵاوکرایەوە کە ئەمەریکا ٤٤٠ ملیون دولار بەسەهیونی دوژمن ئەداو ٢٠٠ ملیون دۆلاری تریشی بۆداناوە بۆکڕینی پیویستی عەسکەری .. وەکو زانراویشە ماوەیەك لە مەوبەر ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا بڕیاری‌دا کە ئەو یارمەتیەی ئەدرێ بەئیسرائیل نەوەت ملیون دۆلار پتر بکرێ .

بڕیاریش وایە کە بەرنامەی یاسای یارمەتی‌دانی وڵاتانی ترپێشکەش بەکۆنگرێس بکرێ بۆ پەسندکردنی .

ئەوەی شایانی باسیشە ئەمەریکا (٨٩٫٥) ملیۆن دۆلار بۆمیسرو (١٠٠) ملیون دۆلار یارمەتی ئەدات بە سوریا .

جێگری وەزیری بەرگری سۆڤێتی گەیشتە بەغدا

پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممەی رابوردوو ٢٦-١١ جەنەرال فیکتور کولیکۆف سوپاسالارو یەکەم جێگری وەزیری بەرگری یەکێتی سۆڤێیت بەسەردانێکی رەسمی کەپێنج رۆژ ئەخایەنی لە مۆسکۆوە بەرەو بەغدا کەوتەڕێ .

وە ئەو سەردانەش لەسەر داخوازی فەریق رکن سوپاسالاری عیراقە .

ئا.د.ع

٧٣ ملیۆن دینار بۆچەند پرۆژەیەك لە وڵات دا

ئەنجومەنی نەخشەکێشان و لیژنەی ئاراستەکردن بڕیاریان دا کە ٧٣ ملیون دینار بۆجێبەجێ کردنی چەند پروژەیەك لە پارێزگاکانی وولات دا تەرخان بکات .

وە ئەم پرۆژانەی کە ئەنجومەنی نەخشەکێشان بڕیاری دروست کردنیانی داوە ئەمانەن گواستنەوەی زێی (النقل النهری) لە نیوان بەسراو سامەڕاو نەجەف دا وە کارگەیێکی تازەی دەرمان لە سامەڕادا .

پرۆژەکانی لیژنەی ئاراستەکردن بریتین لە دروست کردنی نەخۆشخانەیەك لە قەزای قەرەقوش و فراوان کردنی کۆمپانیای گشتی (چنینی سادە)ی هلە وە هێنانی ئاو بۆ گەرەکی بەعسی لە بەسرا دا وەدروست کردنی خانوو بۆ کاربەدەستانی قەزای شێخان لە پارێزگای نەینەوادا ..

هەروەها فراوان کردنی هێڵی تەلەفۆنی سلێمانی زیادکردنی ئەو پارەیەی کە بۆ دروست کردنی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی بەسرا تەرخان کراوە لەگەڵ زیادکردنی پارەی ئامۆژگای مامۆستایان لە بەغداو نەینەواو بەسرا دا وە کارگەیێکی گەچی تەکنیکی لە قادسیە دا دروست بکرێت و کارگەی (سودەو سیفون)ی واست و ذی قار فراوان بکرێت . هەروەها بەپێی بڕیاری لیژنەی ئاراستە کردن ٣ پرۆژەی خشتی میکانیکی لەواست دروست ئەکرێت و پارەی پرۆژەی کارەبای تاجی زیاد ئەکرێت و ئوتومبێل و کەرەسەی پێویست بۆ دەزگای ئاموژگای هونەری ئەکرێت .

کیسنجەر گەیشتە پەکین

پەکین : شینخوا : رۆژی ٢٥-١١ دکتۆر هەنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ وەفدێکدا گەیشتە پەکین وە لەفرۆکەخانە لەلایەن وەزیری دەرەوەی چین و چەند کاربەدەستێکی ترەوە پێشوازی کران .

★ لەسەعات شەشی ئێوارەی چوارشەممە ٢٧ - ١١ مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەبارەگاکەیاندا پێشوازی جەنەڕاڵ (فیکتۆر کولیکوف)ی سوپاسالارو جێگری وەزیری بەرگری سۆڤییتی‌یان کرد . لە دیدەنی‌یەکەشدا کە سەعاتێك و بیست دەقیقەی خایاند سوپاسالاری عیراق و بالیۆزی یەکێتی سۆڤییەت لە بەغدا ئامادەبوون .

ئا.د.ع

سەرەك وەزیرانی فەرەنسا سەر لە عیراق ئەدات

سبەینی ٣٠-١١ لەسەرداخوازی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرزمسیو جاك شیراك سەرەك وەزیرانی فەرەنسا سەر لە عیراق ئەدات . وە ئەمەش ئەوبەیاننامەیەیە کە وەزارەتی دەرەوە دەربارەی ئەو سەردانە بڵاوی کردەوە :-

لەسەر داخوازی کاك صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش وەلەپێناوی پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان کۆماری عیراق و کۆماری فەرەنسا کاك جاك شیراك سەرەك وەزیرانی کۆماری فەرەنسا لە ١٥-١٨ی ذی القعدەی ١٣٩٤ی کۆچی بەرامبەر بە ٣٠ی تشرینی دووەم - ٢ی کانونی‌یەکەمی ١٩٧٤ سەر لە کۆماری عیراق ئەدات .

میوانی بەرێز لەچەند دێڕێکدا

- لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢ لەپاریس لە دایك بووە .
- شەهادەی دیپلۆمی لە زانستی سیاسی وەرگرتووە .
- بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٧دا بوو بە نوێنەری ناوچەی کوریز .
- لە ساڵی ١٩٧٤ بوو بەسەرەك وەزیرانی فەرەنسا ...

ئا.د.ع

هەفتەی ئایندە جێگری سەرۆکی تانزانیا سەر لە عیراق ئەدات

لەکۆتایی هەفتەی ئایندەدا بەرێز عبود چومبی جێگری سەر کۆماری تانزانیا بەسەردانێکی رەسمی دێت بۆ عیراق . وە رۆژی ٢٦-١١ ئەم بەیاننامەیە بڵاوکرایەوە :-

لەسەرداخوازی کاك طه محیی‌الدین معروف جێگری سەرکومارو لەپیناوی پتەو کردنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان کوماری عیراق و کۆماری یەکگرتوی تانزانیادا کاك عبود چومبی جێگری سەرکۆماری تانزانیا لە ریککەوتی ٢٠-٢٤ی ذی‌القعدەی ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی بەرامبەر بە ٥-٩ کانونی‌یەکەمی ١٩٧٤ی زایینی سەر لە عیراق ئەدات .

شۆرشگێرانی عوممان پێنج سەربازی دوژمنیان لەناو بردوە

عەدەن : ئا.د.ع : هەفتەی رابوردوو شۆرشگێرانی عوممان هێرشێکی دلێرانەیان بردە سەر هێزەکانی دوژمن لەژووروی صرفیت لە هەرێمی ظفاردا . وە لەو هێرشەدا پێنج سەربازی دوژمن کوژران و بریندار بوون و حەوت سەنگەریشی لێ کاول کرا .

بەخشینی گیراوە سیاسیەکانی زائیر

کنشاسا : ئا.د.ع : رۆژی ٢٦-١١ بەرێز موبوتو سیسی سوکو سەرکۆماری زائیر بڕیاری بەخشینی هەموو گیراوە سیاسی‌یەکانی دەرکرد .. ئەو بڕیارەش ئەو سیاسیانە ئەگرێتەوە کە لەدەرەوەی کینشاسان و لەپاشەملەدا حوکم دراون .

واشنتۆن : ئاژانسەکان :رۆژی ٢٥-١١ یوثانت سکرتێری گشتی پێشوی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە تەمەنی (٦٥) ساڵی‌دا بە نەخۆشی شێربەنجە - سرطان - کۆچی دوایی کرد .

یوثانت ماوەیەکی زۆر بووتووشی ئەو نەخۆشیە ببو ، وە رۆژی ٢٣-١١ بورایەوەو لە خەستەخانە عەمەلیاتیان کرد بەڵام سودی نەبوو کۆچی دوایی کرد .

یوثانت خەڵکی بۆرمایەوسێیەمین سکرتیری گشتی ئەو رێکخراوە بوو ، لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢ ئەو ئەرکەی پێ سپێردراو لە ساڵی ١٩٧١ لەبەرنەخۆشی دەستی لێ هەڵگرت . ئەوەی شایانی باسە (تریجفی لی) کە خەڵکی نەرویجە لە ساڵی ١٩٤٣ یەکەم کەسی بوو کە ئەو کارەی پێ سپێردراو لە ساڵی ١٩٥٣داگ هەمەرشۆلد کە خەڵکی سویسرایە دووەم سکرتێری گشتی ئەو رێکخراوە بوو . سێیەمیشی یوثانت بوو کە رۆژی دوو شەممەی رابوردو کوچی دوایی کرد .

insitut kurde de paris

وەرگردنی نوێنەری رەگەزپەرستانی

ئەمجارەش لەبارەی «تەنگوچەلەمەی» نەوتەوە !

insitfut kurde de paris

نۆرمان بثیۆن شەهیدی رێگای نێو نەتەوەیی پرۆلیتاریایە !

نۆرمان بثیۆن پزیشکێکی بەناوبانگی گەلی کەنەدا و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کەنەدابوو ٠٠ لەسالی ١٩٣٦ بەناو ناگر بارانو تەقرتۆقو گوللەباراندا خۆی ئەگەیاندە جەبهەکەو بریندارەکانی دەرمان ئەکرد وە بەپیریو لاوازێتی-یەوە خوێنی خۆی ئەدا بە بریندارەکان ٠٠ بثیۆن تەیوب « بەڵامەوە گرنگ نیە پشمو بدەم یان نەیدەم بەنگو گرنگ ئەوەیە ئەم گیانانە لە مردن رزگاربکەین » ٠

سڵی لە مردن نەئەکردەوە هەمیشە ئامادە بوو خۆی لە پێناو خەڵکیدا بەخت بکات ٠٠ لەم بارەیەوە بثیۆن ئەڵێ:- شۆرشگێڕگیان پاراستنی خۆی ناخاتە ریزی یەکەمەوە ٠٠ من ئەگەر وام بکردبایە ، نە ئەهاتم بۆ چین ، کاتێ فاشیزم لە ناوئەبەین ئاسودەیو ئاسایشی راستەقینە جێگیر ئەبێ ٠ بثیۆن مرۆڤێکی سادەو خۆ بە گەورە نەزان بوو ، ڕێی دەستی بەئیش کردن کرد ، لەهەر جێگایەك شەڕی گەرمی تیادا هەڵیگیرسایە بەیەلە بەناو ناگر بارانو تەقرتۆقو گوللەباراندا خۆی ئەگەیاندە جەبهەکەو بریندارەکانی دەرمان ئەکرد وە بەپیریو لاوازێتی-یەوە خوێنی خۆی ئەدا بە بریندارەکان ٠٠ بثیۆن تەیوب « بەڵامەوە گرنگ نیە پشمو بدەم یان نەیدەم بەنگو گرنگ ئەوەیە ئەم گیانانە لە مردن رزگاربکەین » ٠

سڵی لە مردن نەئەکردەوە هەمیشە ئامادە بوو خۆی لە پێناو خەڵکیدا بەخت بکات ٠٠ لەم بارەیەوە بثیۆن ئەڵێ:- شۆرشگێڕگیان پاراستنی خۆی ناخاتە ریزی یەکەمەوە ٠٠ من ئەگەر وام بکردبایە ، نە ئەهاتم بۆ چین ، کاتێ فاشیزم لە ناوئەبەین ئاسودەیو ئاسایشی راستەقینە جێگیر ئەبێ ٠ بثیۆن مرۆڤێکی سادەو خۆ بە گەورە نەزان بوو ، ڕێی

ناخۆش بوو مامەڵەی تایبەتی لە گەڵ بکەن بۆیە نامەی بۆ سەرۆك ماو تووسیو داوای کردکە وەکو هەموو سەربازێکی تایبەتی سەیری بکرێ ٠

کاتێ پەنجەی هەوی کردو ئازار زۆری بۆ هێنا سور بوو لە سەر ئەوەی ئەیبڕێ بچێتە ریزی پێشەوەی جەنگ ٠٠ وە کە ڕێگای ئەمەیان نەئەدا ئەیوت : وەکو شتێکی ئاسایی وا دەگمەن سەیرم مەکەن ٠٠ من بۆ ئیشو خزمەت کردن هاتوومەتە ئێرە ، ئەبێ وەکو هەتره لۆز بە کارم بهێنن ٠

وردە وردە بریندەکەی ئەشەنەی کرد تا گەیشتە ئانیشکی ٠٠ لاواز بوو ٠٠ ئازاری زۆر بوو ٠٠ پزیشکی تایبەتیان بۆ هێنا بەڵام بێ سوود بوو ، پێشنیازیان کرد قۆڵی ببڕنەوە بەڵام بثیۆن ڕازی نەبوو ، وتی : « ئەمە هیچ سوودی نیە ، بڕوام پێتانە من هەر دوو دەستم لە پێناو ژیاندا ئەبەخشم ٠ بەڵام ئەسەلەکە دەستم نیە بەڵکو خەباتی زۆر لە دەوری ئەو کۆمپانی پیشەسازی نەمەریکا (فۆرد)ی بەناوبانگ کە سێیەم کۆمپانیە لەفرۆشتندا بۆ ئەمریکا (کرایزلر) کە ئەویش لە ساڵی ١٩٧٣ نزیکەی دوانزە ملیار دۆلار فرۆشتنی بوە ٠٠ وولاتەکانی ئەوت لە ساڵی ١٩٧٣ دا زیادی کردوە (٥ر٦٤) ، وە پەشی لەسەدا (٥ر٥٣) زیادی کردوە ئەمەریکا (٥ر٦٤) ، وە پەشی لەسەدا (٢ر٥٣) زیادی کردوە !! وە قازانجی کۆمپانی « ئولف ئویل » لە ساڵی ١٩٧٣دا (٩ر٣٠٦) زیادی کردوە ! لە پاشا گۆڤاری « فۆرچن » ٥٠٠ کەسی تریشی بەشی وولاتە یەکگرتوەکانی ئاسیاو ئەمەریکای لاتینیە ٠٠ هیچ کۆمپانیەکی تر لەم دوو ناوچەیە زیادی نەکردوە ٠

لە گەڵ ئەوەی شتێکی ئاسان نیە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هەبێت سەرمایەکی راستەوخۆی کۆمپانیەکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەوت لە ساڵی ١٩٧٣ دا ، (٥ر٨٤)و (٥ر٩٧) و هەزار کۆمپانی لە ئەوت (٥٠) و هەزار کۆمپانی لە ئەوت (٥ر٧٢) ئەمەش زۆرباش قازانجان زیادی کردوە !!

« بڕووبیانووی دڵەکانی ئۆتۆمۆبیلیش »

کۆمپانیەکانی ئۆتۆمۆبیلیش هەر وەکو گۆڤاری ناوبراو دەری خستوە فرۆشتنی هەزار زۆریان پیشەسازی نەمەریکا (فۆرد)ی بەناوبانگ کە سێیەم کۆمپانیە لەفرۆشتندا سەرمایەداری گەورەکان) بەشی وەکو گۆڤاری « فۆرچن » دەری خستوە کە قازانجی کۆمپانیەکانی ئەوت لە ساڵی ١٩٧٣ دا (٢ر٥٣) زیادی کردوە ئەمەریکا (٥ر٦٤) ، وە پەشی لەسەدا (٢٠) ، وەبەشی وولاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ژن لە ئەوت تەنیا لە سەدا (٥ر١) ، وە هەموو ئەمەریکا لە سەدا (٢) وە لە سەدا (١٢)ەکەی تریشی بەشی وولاتە یەکگرتوەکانی ئاسیاو ئەمەریکای لاتینیە ٠٠ هیچ کۆمپانیەکی تر لەم دوو ناوچەیە زیادی نەکردوە ٠

لە گەڵ ئەوەی شتێکی ئاسان نیە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هەبێت سەرمایەکی راستەوخۆی کۆمپانی

شیخ محەممەدی خاڵ



رۆژی ٢٠-١١-٩٧٤ مامۆستای بەڕێز شیخ محەممەدی خاڵ تەشریفی هێنا بۆ دەزگای هاوکاری و ئێمەش ئەم دەرفەتەمان بە هەل زانی و پرسیارمان لێ کرد هۆی هاتنتان بۆ بەغدا چی یەو چیتان بە دەستەوەیە ؟

لە وەڵاما فەرمووی : (هۆی هاتنم بۆ بەغدا سەبارەت بە ئامادە کردن و چاپکردنی فەرهەنگەکەمە ، چونکە وەکوو ئەزانن بەرگی یەك و دووم چاپ وبڵاو کردۆتەوەو بەرگی سێ و چواری ماوە ، ساڵێکە سەرومڕ خەریکی گەڵاڵە کردنی ئەم دوو بەرگەم ، لە وشەی قافەوە ئەیگرێتەوەتا تەواو ئەبێت ، دەوروبەری ٣٠ فۆرمە ئەبێت و نیازم وایە هەر دوو بەرگەکە بە یەك کتێب دەربکەم ، لە زۆر لاوە ، بە تایبەتی لە ئەوروپاوە ، بە گەرمی داوام لێ ئەکرێ کە بۆ تەواو کردنی فەرهەنگەکەم ، ئا زوو بەرگی ٣ و ٤ بخەمە ژێر چاپەوە درەنگە ، منیش بۆ تەواوکردنی پرۆژەی فەرهەنگەکەو خزمەتی ئەدەب و رۆشن بیری و کتێبخانەی کوردی و جێبەجێ کردنی ئاواتی رۆشن بیرانی دڵسۆزو تا خۆشم لە ژیانا ماوم ، بەم ئەرك و کارە هەڵئەستم و دەستم دایە چاپکردنی ئەو دوو بەرگەی کە ماوە ، لەم روەوە کۆڕی زانیاری کورد دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردوم و بە یارمەتی کۆڕ چاپ ئەکرێت ، شوێنی چاپکردنەکەشی هەر لە سلێمانی ئەبێ تا خۆم بتوانم راستەو خۆ سەرپەرشتی چاپ و راست کردنەوەی هەڵەو ناتەواوی چاپی بکەم ، پاش ئەم هەنگاوە ، هەنگاوی دوەمم چاپکردنی کتێبی « ناڵەی دەروون »ە بە چوار بەرگ ، سێ بەرگی کوردی و یەکێکی عەرەبی یە .. (ناڵەی دەروون) بریتی یە لە کۆمەڵە وتارو نووسینێکی بڵاو کراوەی خۆم لە گەلاوێژو گۆڤارو رۆژنامەکانی تردا ، جگە لە زۆر وتارو نووسینی بڵاو نەکراوەم کە تا ئیستا لە شێوەی دەست نووسدا ماون و رووناکی چاپیان نەدیوە ، بەشی عەرەبیەکەش زۆرتر ئەو نووسینانەن کە لە گۆڤاری (کۆڕی زانیاری عیراق) دا بڵاوم کردونەتەوە . سێ یەم هەنگاوم کۆمەڵە وتارێکی کوردی و عەرەبی یە کە بۆ خوێندنەوە یان لەسەر مینبەری مزگەوتەکانی کوردستان لە نویژی هەینی دا ئامادەم کردوون و زۆر کاروباری ئایینی و کۆمەڵایەتیم تیا روون کردوونەتەوەو نزیکەی ٣٠٠ لاپەرەیەك ئەبن ئەگەر چاپ بکرێن .

ئێمەش بەم بۆنەیەوە ئەو پەڕی رێزو سوپاسمان پێشکەش بە مامۆستا خاڵ ئەکەین کە لەم تەمەنی حەفتا ساڵی یەدا ، وەك لاوێکی خوێن گەرم ، کەوتۆتە خۆی و بێ وچان خەریکی نووسینەوەو ئامادە کردن و بەراوردو سەرپەرشتی چاپ و بەرهەم هێنانی پوختەو پاڵاوتەی بیرو زانین و شارەزایی خۆیەتی تا ئەو پرۆژانەی خۆی نەخشەی کێشاون و دەست نیشانی کردوون بە ئەنجامیان بگەیەنێت و لەم ریگا پیرۆزەوە خزمەتی پێویست بە ئەدەب و رۆشن بیری نەتەوەی کوردمان پیشکەش بکات .

حەمدی بەگی بابان

یەکێکە لە کوردە خوێن گەرمە دڵسوزەخاوەن رەوشتە بەرزەکان کە ئینگلیزەکان ویستیان بیکەن بە حوکمدار ، بەڵام ئەم سەری بۆ دانەنەواندن و ملی بۆ شۆڕ نەکردن ، چۆن ؟

دوای بە سەرچوونی حوکمی شیخ مەحموودی حفید کە یەکەم جار لە مانگی تشرینی دوهەمی ساڵی ١٩١٨یەوە خایاند تا حوزەیرانی ١٩١٩ ، ئیتر ئینگلیزەکان کاروباری ناوچەی سلیمانیان یەکسەر گرتە دەست خۆیان ، مێجەرسۆن (حاکمی سیاسی) بوو ، هەر خۆی حساب بوو ، بەڵام لەهەمولایەکی دەرەوە ئاگری شۆرش لە بەرپا بووندا بوو . بگرە لە هەندێك جیگا کڵپەشی سەند بوو ، لە روسیا شۆرشی ئۆکتوبەری مەزن رەگی داکوتا بوو ، لە وڵاتانی عەرەب ، شۆرشی گەورەی عەرەب و لە تورکیا جوڵانەوەی کە مالیەکان ، هەمو دەستیان پێ کرد بوو . ئەمانە هەموو کارێکی وایان بەخشی کە ئاگری شۆرشیش لەکوردستاندا هەڵبگیرسێ . ئەوە بوو لە کفری (برایم خانی دەڵۆ) دژی ئینگلیزەکان هەستا ، هۆزەکانی ناوچەی سلیمانی کەوتنە جموجوڵ و شارەکانیش تاویان سەند .

لە لایەکی ترەوە سیاسەتی ئینگلیزیش بەرەو نابووت بوون ئەچوو . ئەمانە وایان لە بەکرێ گیراوەکانی ئیمپراتۆریەت کرد کە بیر لە پێك هێنانی کار گێڕیەکی راستەو خۆ بکەنەوە لە کوردوستانداو لە ژێر دەستی خۆیاندا . داوایان لە سەید تەهای شەمزینی کرد کە ئەمەیان بۆ جێبەجێ بکات ، ئەو بۆی نەکردن و خۆی نەدا بە دەستەوە ، دوای ئەو ئاوڕیان دایەوە بەلای حەمدی بەگی بابانەوە کە یەکێك بوو لە کوردە گەورە ناسراوەکانی ئەوسای بەغدا ، ماڵەکەی شوینی کوبونەوەی کوردەکان بوو ، خۆشی خاوەنی دەولەت و سامانێکی زۆر بوو کە لە باوکیەوە بۆی بە جێ مابوو .

حەمدی بەگ کۆری حەمە پاشای (خدیو) کوڕی سلیمانی پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابانە . حەمدی بەگ ئەوکاتەی کە رووی ئەم ئیشەی لێ نرا تەمەنی لە دەوری پەنجا ساڵاندا بوو ، لە کاتی خۆیدا لە ئەستەمبول گەورە بوبوو ، قوتابخانەی موڵکی سڵطانی لەوێ تەواو کرد بوو ، زمانەکانی ئنگلیزی وفەرەنسی باش ئەزانی ، زیرەك و راست و قسە لە روو وریا بوو . پەیوەندی لەگەڵ (کۆمەڵەی سەربەستی - استقلال -)دا لە رێی خوا لێخوشبوو رەفیق حیلمیەوە هەبوو ، تاکو بریار وا بوو ببێ بە سەڕوکی ئەم کۆمەڵەیەش ، هەروەها بەینی لە گەڵ کوردە دڵسوزەکانی ئەو ساشدا هەبوو وەك خوا لێخوشبوان سەی ئەحمەدی بەرزنجی (مەرەخەس) و عیزەت بۆبچی و زۆری تر .

ساڵی ١٩٢٠ حەمدی بەگ هەستا چو بۆ سلیمانی ، ئەوساش میجەرسۆن لەوێ حاکم بوو ، لە وێوە هەستا چو بۆ پشدەرو رانیەو هەلەبچەو پێنجوین ، کە لە سلیمانی بوو بریار وا بوو لە ماڵ عەزمی بەگی بابانی خزمی دابەزێت ، بەڵام لە دواییدا لە مالی ئەورەحمانا غای ئەحمەد پاشا جێگای بۆ چاك کرا لەوێ میوان بوو . دوای ئەوەی حەمدی بەگ گەرایەوە بۆ بەغدا ، ئەویش لە تاقی کردنەوەدا دەرنەچوو ، رای ئەو لەگەڵ خواستی ئنگلیزەکاندا و ئەو شتانەی داوایان لێ ئەکرد ، بەینی زۆر بوو ، حەمدی بەگ هەرگیز نەیئەویست ببێت بە بووکە سەما کەرە ئنگلیزەکان بە ئارەزووی خۆیان یاری پێ بکەن لەبەر ئەمانە لەگەڵ ئنگلیزدا نەك هەر رێك نەکەون ، بەڵکو تێکیش چوو لەگەڵیاند ، ئەوانیش مەلیك فیصل یان لێ هان دا ، ئەو ، بوو هەر چی زەوی و زاری ناوچەی (حارثیە)ی ئیستا هەیە لە بەغداو دەورو پشتی کە هەمووی هی ئەو بوو ، لێیان داگیر کردو خۆشیان دوور خستەوە بۆ لەندەن . لە سەر ئەو ملکانەی چەند جار محکمەی لێ کرتن و محامی ئنگلیزی لە لەندنەوە هێنا بێ سوود بوو ، ئەویش ناچار لە لەندەن مایەوە لە کاتی شەڕی گشتی دوەمدا ، ئەوەندە دەستی کورت بوو ، مامۆستا توفیق وەهبی بەگ ئەفەرمۆی کە هەر بە پۆلکەی ناو قوتو ژیاوە ، لە ژورێکدا کە رایەخی نەبوو ، لەگەڵ ئەوانەشدا چەند جار خزمە دەست رویشتوەکانی ئەوسای بەغدای وەك جەلال بابان و جەمال بابان و خزمەکانی کەی ویستویانە یارمەتی بدەن ، لە هیچیانی قبوڵ نەکردوە .

خوالێخوشبو عەباس عەزاوی نوسیویەتی ئەڵێ : کەوا رۆژی ٢٤-١١-١٩٦٠ لە لەندەن فەرمانی خوای بەجێ هێناوەو ئەڵێ : حەمدی بەگ مێژوو ناسێکی شارەزا بوو ، ئاگای لە روداو هەبوو ، زۆر خەریکی مەسەلەی کورد بوو ، کە بە شێوەیەکی رێك و پێك لە ئەوەلەوە بیهۆنێتەوە . هەروەها مامۆستا عەزاوی لە بابەت هاتنە دنیای حەمدی بەگەوە ئەڵێت کە گوایە لە ساڵەکانی حەفتای سەدەی نوزدەهەمدا بوە .

پێم وایە باشی بۆ نەچووە ..

وتاری پێنجەم :

لەوتاری پێشوودا نووسیبووم دێمەوە سەرئەوباسەکە داخوا « ئەدەب دیاردەی قۆناخەکانی خەباتی گەلە » وەك دوکتور قاسملوو دەڵێ ، یان ئەم قسانە « کۆنن و خۆخەڵەتاندن و خۆلە خشتەبردنن » ، وەك مامۆستا دڵشاد محەمەد ئەمین دەفەرموێ .

بابزانین هەرئەوەندە بەسەکە ئەدیب بڵێ : « هەزار نەعلەت لە گێتی یەکی بێژن ، لە گێتی یێکی بێجوانی و نازداری و شیرینی » ؟ (لێرەدا ببوورن ، تالەبیرم نەچۆتەوە با ئەم پرسیارە لە کاك دڵشاد بکەم ، داخوا لەباری رێنووسی کوردیەوە لەم دوو گێتی یەکامەیان راستە؟) ئەدیبی کورد دەبێ نەعلەت لە دنیای کۆیلەتی و ژێردەستی و بەشخوراوی بێدەستەڵاتیش بکا ؟ داخوا ئەدیب و شاعیرانی کورد دەبێ وەك هێندێك لە شاعیرانی ئاخری سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیستەم ، تەنیا بە بەژن و باڵای رێك و لەبارو دیدەی مەست و پرشەنگداری یار هەڵابڵێن و لە تەعریف و تەوسیفی خاڵ و خەت و کوڵم و لێوو چاوو برۆو گوڵ و گوڵزارو پیاڵەی مەی شنەی شەماڵ و ئاسۆی جوان و تریفەی مانگ و ئەستێرەکاندا قەڵەمی خۆیان وەکاربخەن ، یان وێڕای پاراستنی ئەم شێوەیە ، ئەرکی دیکەشیان لەسەر شانە ؟ ئەرکی روون کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك ئەرکی هاندان و رێ نوێنی بۆ مەیدانی خەبات و تێکۆشان ، ئەرکی هەوڵدان بۆ رزگاری و ئازادی ، ئەرکی زیندوو کردنەوەی رێبازی حاجی قادری کۆیی .

شاعیرو ئەدیبی نەتەوەیەك کە لە دوایی یەکانی سەدەی بیستەمدا ، لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەشە ، زمانی زکماکی لێ قەدەخەکراوە ، نەتەوەیەك لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و سیاسەتی تواندنەوەدا پشتی چەمیوە ، چۆن دەتوانێ وەك کاك دڵشاد دەیەوێ ، تەنیا باسی « نازداری و شیرینی و جوانی » بکاو هەر بە « لەعنەت لە گێتی یەکی بێژن » فیکرو قەڵەم و هونەری خۆی بەستێتەوە ؟

بەڵێ ، شۆخی و نازداری و لەباری و دیمەنەکانی تەبیعەت هەموویان جوان دڵگر هەست بزوێن و دڵڕفێنن . بەڵێ دنیای بێجوانی و بێژن (بەڵام ژنی جوان !) لەعنەتی لێ بێ . لەم بارەوە لەگەڵ کاك دڵشادم . بەڵام ناتوانم لەوبارەوە لەگەڵی بم کە وشەی ئازادی و ماف و خەبات و رزگاری و نیشتمان و نیشتمان پەروەری و ... بەکۆن بزانم . لام وایە جوانی و دڵگری تەبیعەت و بەژن و باڵای یارو دڵبەر شۆخ و نازدارو (گێتی بەژن و بێژن) ، هەموویان بەبێ ئازادی و بەبێ رزگاری و سەربەستی بێتام و بێ نرخن . مامۆستا هێمن لە بەستەی « شەنگەبێری »دا دەڵێ :

« جیا بوونەوەت دەردە ، بەڵام تۆش دەزانی تامی نیە
ژوان و شەوڕاوو دڵداری ، رازو نیازی بە دیلی »

چۆن دەتوانم لە گەڵ ئەوەبم کە شاعیرو ئەدیب و رەخنەگری کورد ، لە دنیای بێبیرو باوەڕی و بێئیلتیزامی و رارایی و وازوازی دا بسووریتەوە . چونکە ئەدیبە ، ئیتر « بەرهەمە ئەدەبیەکەی » نابێ بەلای سیاسەتەوە بچێ . چونکە ئەدیبە ئیتر چکاری بەوەیە کە نەتەوەکەی دەچەوسێتەوەو ژێردەست و بێکەیان و بێقەوارەیە . چونکە ئەدیبە چکاری بەمافی ئازادی و نیشتمان و نیشتمان پەروەری داوە . ئەدیبە با شێعر بڵێ و باسی جوانی و لەباری و شۆخ و شەنگی و نازداری بکا ، چکاری بەسیاسەت و خەبات و تێکۆشانە . زۆر جێگای داخە کە رووناکبیری نەتەوەی کورد لە دنیای ئەمرۆدا ئەم بیروباوەڕە لەنێو ئەدەبی کوردیدا بڵاو بکاتەوە و شانازیشی پێوە بکاو بڵێ :

« ئەمن دەیڵێم و بێباکم » !

ماوەیەك لەمەوبەر چەند ئەدیب و شاعیرو هونەرمەند لە ئێران گیران و دووانیش گوللەباران کران . بەوە تاوانبارکرا بوون کە باسی سیاسەتیان کردوە . رێژیم بەوانی دەگووت ئێوە ئەدیبن ، چکارتان بەسیاسەت داوە . لەسە ئەو هەموو دیمەنی جوان و دنیای رەنگاوڕەنگ و جوانی و لەباری ژن و تام و خۆشی ژیان ڕا ، بۆچی خۆتان گومڕا کردوەو باسی سیاسەت دەکەن ؟!

دیارە کاك دڵشادیش بۆ شاعیرو ئەدیبی کورد ئەو رێبازەی دەوێ . بەڵام هێمن ئەو شاعیرەنیەو تەنیا ئەو رێبازەشی نەگرتووە هێمن ئەو شاعیرە نیە کەکاك دڵشاد دەیەوێ و دەڵێ : « لەگەڵ ئیحساسی ژیاوم و ئاگاداری جۆری دروست بوونی شێعرەکانی بووم » .

باسەرێك بە نێو « تاریك و روون » دا بسورێینەوەو چاوێك بە شێعرەکاندا بخشێنین . بزانین چۆن بە ئاشکرا ئەم راستیە دەردەکەوێ کە ئەدەب دیاردەی قۆناخەکانی خەباتی گەلەو پێوەندیەکی تەواوی بەژیانی شاعیرو پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵ و رادەی ژیان و خەباتی گەلەوە هەیە . ئیتر ئەوە تەنیا قسەو بیروڕای دوکتور قاسملوو نیە ، ئەوە رەوتێکە کە دیوانی هێمن بەتەواوی لەگەڵی رێك دەکەوێ . کورد گوتەنی یەزد دوورە گەزنیزیکە . ئەوە دیوانەکەمان لە بەردەستەو بزانین چۆنە ؟ :

ساڵی ١٩٤٢یە ، کۆمەڵەی « ژ . ك » تازە دامەزراوە . هەوەڵین شێعری هێمن (کوردم ئەمن) بڵاو دەبێتەوە . هەر چەند لەو کاتەدا گەنج و هەرزەکارو شایی بەجۆ دەوڵەمەندیشە ، کە ئەوانە هەموویان بۆ کوڕێکی لاو لەسەردەمێکی تایبەتی ئەمان دا زۆر گرینگن ، بەڵام شاعیر چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ وەلادەنێ و ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردی نیشتمانەکەی دەبێ و لە زنجیرو تەناف و دارو بەند ناترسێ و هێشتا دەڵێ : « کوردم ئەمن » .

هەر لەو ساڵەدا شاعیر « وتووێژی کورو کچ » ێك دەگێڕێتەوە . ئەگەر بیروڕای کاك دڵشاد بسەلمێنین ، دەبوایە ئەم وتووێژە تەنیا باسی ئەوین و دڵداری و خۆشەویستی و وەرەو مەکەو ئەیەرۆو ماچ و مووچ و دەسبازی بایە . بەڵام وتووێژی ئەم کیژو کورە لەو قۆناخەی خەبات و ژیانی کوردەواری دا بەپێچەوانەی ئەمەیە . کچ دەڵێ :

« دیلی ، ژێردەستی ، ئاسیری ، تاکی ؟
رووتی ، نەداری ، فەقیری ، تاکی ؟ »
« وەرە مەیدانێ لەرێی نیشتمان
بکە قوربانی سەرو ماڵو گیان »

کوڕ چی پێ دەڵێ ؟

« کچی هەمووکەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردە پێپەستە
لە کۆین (ژاندارك) هەستە رەنگ مەردان
دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان »

ئەم قۆناخەی ژیانی گەل پێویستیەکی گرینگتر لە خۆشەویستی و حەزلێ کردن دەخاتەپێش کچ و کوڕی کوردی کە شاعیر بەهەق دەست نیشانی کردوە .

هەر لەو سەروبەندەدایە ، بیری ئازادیخوازی لە دژی دەرەبەگ و کۆنەپەرستی پەرەدەستێنێ . هێمن هەرچەند لە خۆی کورەئاغایەکی دەوڵەمەندیشە ، بەڵام لەو قۆناخەدا کوتانی دەرەبەگ و ئاغا بەهۆی پێشکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی دەزانێ . « ئەمن دەیڵێم و بێباکم » دەهۆنێتەوە . لەبیرمەندلیش ئەم شێعرەیان لەبەرکردبووو لە کووچەو کۆڵانان دا دەیان گوتەوە :

« نیانە بیری سەربەستی
دەکەن فەخری بەژێردەستی
دەڕۆن هەروا بەرەو پەستی
ئەمن دەیڵێم و بێباکم »

هێمن وەك لە وتارێکی پێشوودا باسم کردبوو ، بۆ ئەم جۆرە بیرو باوەڕو نووسینە دەیکوت و بێباك بوو .

ساڵی ١٩٤٣یە . خەباتی گەلی کورد پەرەی گرتوە . کوڵ و گیاو چیاو کەژی کوردستانیش کەشاونەوە . بۆ ژێر دەستی کورد بەپەرۆشن و داخی دڵی خۆیان دەردەبڕن . شاعیر کوێ بۆ رازونیازی گوڵە مێلاقەو وەنەوشە رادەگرێ و ناچار دەبێ ئەو رازو نیازە تۆمار بکا کە مێلاقە دەڵێ :

ئەمن لە خاکی کوردی رواوم
بە ناوی ساردی کانی دێرازم
کورد وا هەژارن من هەژار ئەبم
ئەوان داخدارن من داخدار ئەبم

وەنەوشەش لەم داخ و پەرۆشەدا هاوبەشی دەکاو دەڵێ :

کەتۆ هەناوت بۆ کوردی بوەرەش
منیش بۆ کوردی سەرم نا لەهەش »

ساڵی (١٩٤٤)ە . گەلی کورد لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا دەستەڵاتی گرتۆتە دەست . ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵکراوە . هێمن بەجۆرێك لەنێو دەریای خەبات و ئەوینی نیشتماندا نوقم بووە کە لەهیچ دەم و سەعات و خۆشی و ناخۆشیەکدا نیشتمانی لەبیرناچێتەوەو لە بەستەی « تۆم هەرلەبیرە »دا دەڵێ :

« لەشایی دا لە وەختی هەڵپەڕینا
لەخۆشی دا لەکاتی پێکەنینا
لەکۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن
ئەی نیشتمان تۆم هەرلەبیرە »

بڕوانە ل -٧-

تاریك و روون
لە بۆچونێکی مرۆڤانە دا .

دڵشاد محەمەد ئەمین

« رۆژی شادی » ل -٦٨- شاعیر گوایێ باسی ئاڵای کۆماری مەهاباد دەکات کە پێکهاتوو بووەلە سێ رەنگ سوورو سێ و سەوز ، بێ لە وێنەی رۆژو گوڵەگەنمەکان و .. پاشان زۆر ساکارانە رەنگ و وێنەکان شی دەکاتەوە ، هەر ئەو جۆری شی کردنەوەیە سروشتی کۆمارەکەی ئەوسای کوردمان بۆ دەست نیشان دەکات ئینجا گەربڕوانینە « رێبەندان و شاعیر » ل - ٧٥ گفت و گۆیێك دەبینین لە نێوان « رێبەندان » و « شاعیر »دا ، گفتەو گۆیێکی زۆر سادەو رووکەشی ، شاعیر باسی هەموو خراپەکانی « رێبەندان » دەکات کە لەو مانگەدا ساردو تووشی و زەوی داپۆشرانەو .... هتد وە هەژاران لەبەر بێبەرگی چۆقەی دانیان دێت و گەرم نابنەوەو خواردنیان چنگ ناکەوێت .. کەچی شاعیر ئەو هەموو ئیعتیباراتانە کەنار دەخات وچش لەو هەموو خەڵکە دەکات بەرژەوەندی یان دەنێتە لاوەو بەرێبەندان دەڵێت :

(گیانی شاعیرت دەکەم بەقوربان)

دەزانن بۆ ؟ وە پۆزشتی شاعیر لەباوەڕی خۆیەوە چی یە؟ لە بەر ئەوەی لە مانگی رێبەندان - دا « پێشەوا » هەڵبژێردراوە بە سەرەك کۆمار ... وەکو هەڵبژاردنی پێشەوا بەسەرەك کۆمار کولێرەو گەرمی بێت بۆ سك و دڵی هەژاران و هیتەرێك بێت جەووی رێبەندان گەرم کاتەوەو زەوی رەش کاتەوە بۆ خەڵکی و مەڕوماڵات و فەلاحەت لە دوا دێڕی شیعرەکەدا دەڵێت:

(بمرێ دوشمنی کوردو کوردستان)

کە ئەوە نە شیعرەو نە هیچ بەڵکە لافیتەیێکە خەڵکی ساکار رۆژانی خۆ نیشان دانە سیاسێکان بەرزی دەکەنەوە نەك شاعیرێکی هونەرمەند کە پێویستە کادیرو رابەری رۆشنبیران و خەڵکە سادەکە بێت .

مادام هاتینە لای باسی هۆنراوەی لافیتەیی با بڕوانینە ل - ٧٨ - هۆنراوەی « **بژی دیموکرات** » مەگەر تەنیا لە هەڵبژاردنێك و خۆ نیشان دانێکی سیاسی دا ئەو پارتەی بۆی گوتراوە ناوی شیعری لێ بنێن ئەویش دوای ئەوەی ئەرکی خۆی بەجێ هێنا کەنار دەخرێت دەنا ئەوە نی یە کە ناوی شیعری لێ بنرێت و لە دیوانی شاعیرێك دا بڵاو بکرێتەوە کە لە بەرگەکەی نووسراوە «گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن» گوایی ئەوە شیعرە ..!! نە هەر شیعر گوڵبژێری شیعریشە .. نموونەی تر هەر لەو جۆرە گوڵبژێرە کە دەبوا شاعیر خۆی رازی نەبوایێ لەو دیوانەدا چاپ بکرێن ل - ٨٠ - هۆنراوەی « رۆژی خۆشی » کە تەنیا گەڕاندنەوەی خوێندەوار بۆی سەری سووك دەکات لەهەموو لەسەر نووسینێك .. ئەو ئیلتیزامە پیرۆزو موتلەق و دەست لێ نەدراوە کە لای شاعیرو هەموو جۆرێکی تر لە خەڵکانی مولتەزیمی لەو جۆرە ، خاوەنەکانی تووشی هەڵەی وا دەکات کە رەنگە ئەنجامەکەی کەنارخستنی بەرژەوەندی ئەو خەڵکە زەبوونە بێت کە گوایێ مولتەزیمەکان خۆیان بۆ خۆش بەختی وان نێ دەکۆشن ..

لێرەدا داوای پێ ئیلتیزامی ناکەم .. کەسێك لە زمانی کوردی تێبگات دەزانێت روانینی من بۆ ئیلتیزام .. روانینێکی ووریایی و رووناك بیرانەیە کە لە ئەنجامدا ئیلتیزامەکە خۆی نەبێتە تەوقی عەزازیل وە بە شێوەیێکی کونترۆڵی لە یەك مەودا دا نەیێت و بچێت بێ ئەوەی باوەش بکاتەوە بۆ گۆڕرانەکانی ژیانی ئادەمیزاد لە ئێستاوە بۆ داهاتوو . ئیلتیزامێك بە هەر پارتێکی سیاسی یێوە بێت گەر لە بەر خاتری بەرژەوەندی پارتەکە .. بەرژەوەندی چینە زەبوونەکەی مرۆڤی پەنا دا ، من رەتی دەکەمەوە ، چونکە لەو باوەڕەدا نیم کە پارتێك بتوانێ پڕ بە پڕی چینێك کت و مت جێ بکرێتەوەو بە قەوارەی تەواوی رەوڕەوەی داخوازێکان رێگای پێشکەوتن و گۆڕران بگرێتە بەر تا سەر .

کە کۆماری مەهاباد بنیات نرا ئینجا خەمی بەردەوامی و گۆڕینی گوزەرانی ئەو خەڵکە بنیات نراو ، هەر یەکەو لە ئاستی خۆیەوە لەتێکی لە نەشئەی خۆشی و شادەمەرگی دا بوو لەتەکەی تری لە خەمی پرسیاری ئایا ئەم ژیانەمان دەگۆڕێت و راستە جارێکی دی ناچەوسێینەوەو داگیر ناکرێین .. بە تایبەتی گەر خەڵکی سادەو نەخوێندەوار وانەبووبن خۆ خاوەن هەستەکان وابوون کە هێمن یەکێکیان بووە ..!!

بەڵام لەگەڵ ئەو راستی یانەشدا ، چونکە ئیلتیزامە پیرۆزەکە لە گەڕدایە وە شاعیر پێویستی سەر شانی بووە گۆرانی بڵێت بۆ ئیلتیزامەکەی خۆی ، بۆیێ ووتوییێتی :

نەما داخ و پەژارەو ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئیمڕۆ

« دوا رۆژی رووناك » ل - ٦٥ -

ئایا داخ و پەژارەو ماتەم و خەم نەما ؟!! گەر بە تەنیا مانگێك یان ساڵێك ئەوانە هەمووی نەمێنێ و ئەوە موبالەغەیێکی سیاسی نی یەو پروپاگەندەیێك نی یەو راستە « کە مەحاڵە شتی وا » کەواتە هەموو کتێبەکانی فەلسەفەی نوێ « مانەری دایلیکتیك » بە درێژایی دووسەدە بسووتێنن .

شیعرە سیاسێکانی شاعیر ئەو رووکاری یە سادەو موبالەغەو لافیتانەی لێ نابنەوەو دیسان دێڕی تری لەم جۆرە لە شیعرەکانی دا دەبینین :

(هەر بژی قازی رەئیسی جەمهوور)

« هەتاوی ئیقبال » ل - ٨٩ -

کە ئەو هۆنراوەی « هەتاوی ئیقباڵە »ش ل - ٨٩ - وەکو هۆنراوەکانی تری ئەم بابەتە شەکەت و کەنەفتە ، هەر وەکو چۆن هۆنراوەی « رەشەمە » ل - ٨٢ هەمان دەردی هەیەو ووشە ریزکردنێکی خۆ - نیشان دانی یە ..

بڕوانە ل : (٩)

institut kurde de paris

کۆنگرەی ئیسلامی جیهان لە بەغدا ئەگێڕێت

لە شوباتی ئایندەدا کۆنگرەی ئیسلامی جیهان لە بەغدا ئەگێریت وە لەم کۆنگرەیەدا وەفدی وولاتانی عەرەب و ئیسلامی بە سەرۆکایەتی وەزیرانی ئەوقاف بەشدار ئەبن ، بۆ لێکۆلینەوەی ئەو بەرنامەیەی دەربارەی مەسەلەی فەلەستین ، کە لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی کاك نافع قاسم سەرۆکی دیوانی ئەوقاف ئامادەی کردوە .

وە ئەو بەرنامەیە کە لەم کۆنگرەیەدا باس ئەکرێت لە یانزە برگە لێك هاتووە ، کە ئەمانەن :

جێگای (بیت المقدس) لە ئیسلامدا ، دەوری ئیسلام بەرامبەر بەئاینە ئاسمانییەکان کردەوە خراپەکانی ، سەهۆنیەکان لە فەلەستیندا ، زایۆنیزم بزوتنەوەیەکی ، ئیمپریالیزمییە ، زایۆنیزم و جیاوازی رەگەزایەتی وە زایۆنیزم و تەماعە فراوان خوازیەکانی ، مزگەوتی (ئەقصی) دەوری ئیسلام لە شەری رزگار بووندا ، گرنگی راگەیاندن لە مەسەلەی فەلەستین و فەریقاو مەسەلەی فەلەستینیدا ، دەوری زانایانی ئیسلام لە پێناسینی مەسەلەی فەلەستینیدا .

وە ئەوەی شایەنی باسە لیژنەی ئامادە کردنی کۆنگرەکە داوای لە لێپرسراوە خاوەن پەیوەندیەکانی وولاتانی ئاسیاو ئەفەریقا کرد کە لەم بارەیەوە باس و لێکۆلینەوەکانیان ئامادە بکەن و بۆ سەرۆکایەتی دیوانی ئەوقافی بنێرن .

وە ئەو وولاتانەی کە جالیەی ئیسلامیان لێیەو وەفد ئەنێرن بۆ بەشدار بوونی لە کۆنگرەکە ئەمانەن : یەکێتی سۆڤیەت و فلیپین و هندستان .

پرۆژەی بۆری ئەسبەستی کەرکوك

لە وەزارەتی پیشەسازی بڵاوکرایەوە کە ئیشی ئەندازیاری مەدەنی پرۆژەی بۆری ئەسبەستی کەرکوك دەستی پێکرا ، وزەی بەرهەمی ئەم پرۆژەیەش لە ساڵێك دا ٢٠ هەزار تەن بۆری ئەسبەستی ئەبێت کە لەمێش ئاودان و کشتوکاڵ دا بەکار ئەهێنرێن .

وە بڕیار وایە ئەم پرۆژەیە لە کۆتایی ساڵی داهاتوودا تەواو بێت و کە بریتییە لە ١١٦ خانووی کرێکاران و ١٥ خانووی کاربەدەستان لەگەڵ چەند پرۆژەیەکی تایبەتی ئاوو کارەبا .

گوندی تازە بۆ جوتیاران لە نێوان کەرکوك و سلێمانی دا

ماوەیێك لەمەوبەر دەستکرابە دروستکردنی گەورەترین پرۆژەی نیشتەجێ بوونی جوتیاران لە نێوان کەرکوك و سلێمانیدا .

وە ئەم پرۆژەیەش لە ماوەی ٢٠ مانگ دا تەواو ئەبێت و هەشت یاخود نۆ ملیون دیناری تێ ئەچێت .

بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە چوار هەزار ماڵە جووتیاری کەرکوك و سلێمانی نیشتەجێ ئەبن و هەموو جۆرە خزمەت گوزارێك لەوچوار هەزار خانووەدا کە بۆیان ئەکرێت تیایاندا ئەبێت ، هەر وەها لەو گوندانەدا کۆمەڵێك لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ناوەندی و مەڵبەندی تەندروستی و گازینۆو بازاری تیادا ئەبێت و شەقامەکانی ناوەوەشیان قیرتاو ئەکریت و ئاوو کارەباشیان بۆ ئەبرێت .

بڵاوکراوەی رۆشنبیری نوێ

ئەمانەوێ بە خوێنەرانی ئازیزی رابگەیەنین کە هۆی دەرنەچوونی هەردوو ژمارەی رۆژی (١١-١١) و (٢١-١١)ی بڵاوکراوەی روشنبیری نوێ کەلەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی یەوە دەرئەچێ ئەوەیە کە بەبۆنەی تێپەربوونی ساڵێك بەسەر تەمەنی بڵاوکراوەکەدا لە ١-١٢دا ژمارەیەکی تایبەتی روشنبیری نوێ بە(٣٢)لاپەڕە دەرئەچێ و ژمارەی ئەمجارە بە ناوەرۆکێکی تێرو-تەسەل و هەمەرەنگ و شێوەو روخسارێکی رەنگین ئەبێ .. جا تکا لەخوێنەرانی بەرێز ئەکەین کە ئاگاداری ئەمە بن .

رۆشنبیری نوێ

سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی

هەفتەی رابوردوو بەرهەمێکی تری بەنرخی مامۆستا محمدامین هەورامانی لەژێر ناونیشانی سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی کەوتە بازارەوە ، بەرهەمەکە لەسەر ئەرکی بەرێوەبەرایەتی گشتی روشنبیری کوردی - وەزارەتی راگەیاندن چاپکراوەو لەبەرگێکی قەشەنگ و ناوەرۆکێکی تەسەل دایە کەبریتییە لەم بابەتانە :

- **کورتەمێژوویەکی زانستی زمان .**
- **زمان و ناونیشانی**
- **رەسەنی زمانی کوردی**
- **لێکۆلینەوەی بەراوردی**
- **دەنگ سازی (فۆنۆلۆژی)**
- **وشەسازی (مورفۆلۆژی)**
- **رستەسازی (سینتاکس)**
- **ناوی داتاشراو**
- **فەرهەنگۆکی زاراوەکان .**

مامۆستای نووسەر بەوبەر هەمە رەنگینەی کە لەبەرێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردەوە دانەیەکی پێشکەش بە ئەرشێفی هاوکاری کردوە سوپاسی ئەکەین هیوای رەواجی ئەو شاکارەی بۆ ئەخوازین .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

- نەریمان -

ئەم هەفتەیەمان کە لە ٣٠ تشرینی دووەم تا ٦ی کانونی یەکەم ئەگرێتەوەو رێکەوتی ١٦ تا ٢٢ ذو القعدە هەروەها رێکەوتە لەگەڵ ٩ تا ١٥ی سەرماوزی کوردی ئەم روداوە گرنگانەی تیادا بووە :

روداوی کوردی :

لە ١ی کانونی یەکەمی ١٩٣٩دا یەکەم ژمارە گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاوکرایەوە ، ئەم گۆڤارە تا دە ساڵ خزمەتی وێژو زمانی کوردی کرد .

لە ٣ی کانونی یەکەمی ١٩٧٠دا لقی هەولێر لەیەکێتیی نوسەرانی کورد دامەزرا .

لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٣دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئەستێر بڵاوکرایەوە .

روداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ دا حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران ئەم سێ دورگەی لەکەنداوی عەرەب داگیرکرد (تونبی گەورەو تونبی پچوك و ئەبی موسا) .

لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٩٧١دا دەوڵەتی یەك گرتووی میرنشینەکانی کەنداوی عەرەب دامەزرا .

"٣٧" ملیۆن دینار بۆ چەند پرۆژەیەك

لیژنەی ئاراستەکردنی ئەنجومەنی نەخشەکێشان ٣٧ ملیون دیناری بۆ فراوانکردنی پرۆژەکانی پیشەسازی و گەشت و گوزارو چەند پرۆژەیێکی تر تەرخان کردوە .

بەم پارەیە خانەی حەسانەوەی حەدیثە فراوان ئەکرێت و خانوو لە ناوچەکانی گەشت و گوزار دا دروست ئەکرێن و پرۆژەی کارگەی کەرەسەی پاککردنەوە لە میسان پارەی زیادئەکرێت .

هەروەها دوو هێلی سۆدەو سیفۆنی کارگەی پیپس کۆلای بەغداو هێلێکی کارگەی حلەو هێلێکیش لە کارگەی (خلیج العربی) لە بەسرا دا زیاد ئەکرێن و کومپانیای گشتی درومان فراوان ئەکرێت .

وە لەو پارانە سەرمایە تەرخان ئەکرێت بۆ کارگەو پرۆژەی پێستەخۆش کردن و کارگەی جگەرەی هەولێرو کارگەی میوە لە قوتوکردن لە دهۆك و باقووبەو نعمانیەو کارگەی چیمەنتۆی سەماوەو کارگەی شوشە لە رمادی .

٢ ملیۆن و ١٠٠ هەزار دینار بۆ نەخۆشخانەی کەرکوك

لە پارێزگای کەرکوك بریاری دروستکردنی نەخۆشخانەیێك درا کە جێگای هەزار قەرەویلەی تیا دەبێتەوەو دوو ملیون و ١٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت وە ئەم نەخۆشخانەیە لە بەشی چارەسەرکردن و هۆڵی عەمەلیات و ئەشیعەو موختەبەرپێك دێ .

وە لە لایێکی تریشەوە دەست بە دروستکردنی مەڵبەندێکی تەندروستی لە لەپارێزگاکە کراوە کە ١٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت .

هەروەها چەند پرۆژەیێکی تەندروستی تریش بە (٥٦٨)هەزار دینار دروست ئەکرێت . کە نەخۆشخانەیێکی نەخۆشی سنگ و عەیادەیێکی پزیشکی لە پارێزگاکە دروست ئەکرێت وە شەش مەڵبەندی تەندروستی لەگەڵ پێنج لقی تر لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە دروست ئەکرێت . هەروەها دووعەیادەی پزیشکی لە قەرای توزخورماتوو حەویجەو مەڵبەندێکی تەندروستی لە ناحیەی پایزی و خانوو بۆ دکتۆران دروست ئەکرێت .

رێگای تازە لە کەرکوك

هەفتەی رابردوو قیرتاوکردنی رێگای شوان - تەق تەق لە پارێزگای کەرکوك تەواو بوو وە درێژی نەم رێگایە ٤٣ کیلومەترەو ٧٥ هەزار دیناری تێ چووە .

هەروەها چەند رێگایێکی تر لە قەزاوو ناحیەکانی پارێزگاکە ئەکرێتەوەو قیرتاو ئەکرێت و ١٦ ملیون و ٧٥٠ هەزار دیناریان نێ تەچێت . وە ئەم رێگایانە رێگای (توزخورماتوو - کفری و کەرکوك - قەرمز - قادر کرم و کەرکوك - تکریت و کەرکوك - فتحە)یە .

راپۆرتێك لە هەولێرەوە

١ - بێ ئیشی

وە نەبێ تەنگوچەڵەمەی بێ ئیشی کت و پڕ لەم چەند مانگەی دوایی دا دروست بووبێ ، بەڵکو زەمینەیەکی تایبەتی هەیەو بەشێکە لە باری ئاڵۆزاوی ئابوری کە لەمەو پێش چارەسەر نەکراوە . وە لەم دواییەش دا کۆچ کردن لەلادێ وە بەرەو شار پتر بووە .. ئەمە جگە لەوەی هەر لەسەرەتاوە پرۆژەی ئەوتۆی هەمیشەیی ئەوەندە نیە کەبتوانێ بێ ئیشی کەم بکاتەوەو تەنانەت ئەو پرۆژانەی هەشن لەبەرنەبوونی بەڵێندەر - قۆنتەراتچی - وەستاون .. جالەبەر ئەم هۆیانە بێ ئیشی شاری هەولێری گرتۆتەباوەش ، سەرەڕای ئەم هۆیانەش مەسەلەی رۆتینی دەزگاکانی دەوڵەت لەدامەزراندنی بێ ئیشەکان خۆی لەخوێندا تەگەرەیەکی گەورەیە! وە ئەو بێ ئیشانەی لەساڵی ١٩٧٣ لە (مکتب التشغیل) ناونووس کراون تائێستا زوربەیان ئیشیان بۆ نەدۆزراوەتەوە .. مەسەلەی چارەسەرکردنی بێ کاری ئەرکێکی بەپەلەی گشت لایەکە وە باری ئابوری و کۆمەلایەتی پێش دەخات .

٢ - تەنگوچەڵەمەی خانوو :

ئەتوانین بڵێین کە گیروگرفت و کەمی خانوو گرانی کرێ خانوو گیروگرفتێکی گەورەیەو تێکڕای شارەکانی وڵاتی گرتۆتەوە .. ئەمەش بێ گومان چەندین هۆی بنەڕەتی هەیە وەکو گرانی و کەمی کەرەسەی بیناو نەبوونی نەخشەو نزمی ئاستی ژیانی خەڵکی و گرانی نرخی زەوی و تەسکی سنوری شارەوانی شارەکان و کەمی ئەو خزمەت گوزاریەگشتی یانەی پێشکەش بەهاو وڵاتیان ئەکرێن لەو شوێنانەی زەوی لێ هەرزانە وەکو ئاوو کارەباو قوتابخانە خەستەخانەو قیرتاوی کۆلانەکان و دووری لە مەڵبەندی شارەکان .. جگە لەوەی کە تائێستا بەرێکوپێکی نەخشەیەکی فراوانی نیشتەجێ کردن جێبەجێ نەکراوە .. مەسەلەی خانوو دەست نەکەوتنی و گرانی کرێ لەم دواییەدا زیاتر وەزعی شاری هەولێری شێواندوەو وا پێویست ئەکات بە بەخێرایی مشوری بوخرێ .

٣ - دەزگای ترانسپۆرت :

گەورەو فراوان بوونی شارەکان و پیویستی ژیانی رۆژانە زیاتر پێویستی بە چالاکی دەزگای ترانسپۆرت (دەزگای هاتووچۆ) هەیە .. بەڵام بابزانین شاری هەولێر لەم رووەوە چۆنە .. لە شاری هەولێر ئیستا تەنیا ٢١ پاس هەیە کەچی پار ٢٥ پاس بوو ! دانیشتوانی شاری هەولێر نزیکەی ١٧٠ هەزار کەس دەبی و ئەوژمارەیەش بەلای کەمەوە پێویستی بە ١٥٠ پاس هەیە . لەلایەکی تریشەوە تاوەکو ئێستا ئوتوموبێلی هاتووچۆ بەپێی پێویست لە نێوان هەولێرو قەزاکانی دا مسۆگەر . نەکراوە .. ئەم مەسەلەیەش پێویستی بەچارەسەرکردنێکی خێرا هەیە .

٤ - بانقی رافیدەین

وەکو ئاشکرایە رۆژ بەرۆژ کۆمەلانی خەڵکی زیاتر ئیشیان بە بانقەکانی دەوڵەت نەبێ ئەمەش وا فەرز ئەکات کە ئەو بانقانە لقی تازەیان بو بکرێتەوەو پتر خزمەتی هاووڵاتیان بکەن . کەچی لە شارەکەی ئێمەدا نەك بانقی رافیدەین لقی تری نەکردۆتەوە بەڵکو ئیشی بانقی عوسمانی و رهون و بازرگانیش ئەکات و تاکە ئیشێکی بچکولە لەو بانقەدا بە سێ سەعات تەواو ئەبیت .. جگە لە بچوکی بنیای بانقەکە خۆی .

٥ - شارەوانی

دەزگای شارەوانی ، دەزگایەکە لە دەزگا هەرە گرنگەکانی میری کە راستەوخۆ پەیوەندی بە هەموو دانیشتوانەوە هەیە .. جا ئەم پەیوەندییە ئەرك و فەرمانێکی زۆری ئەخاتە سەر شان بەرامبەر بە شارو هاووڵاتیان ، هەرچەندە شارەوانی هەولێر ماندوە ، ئەرکی زۆرە ، بەڵام بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان کراوە .. کەچی خەڵکی لێی رازی نین گەرەکی زەحمەت کێشان (کووران ، تەیراوە ، سەیداوە) پاك نین و خزمەتێکی ئەو تۆ ناکرێن و خەڵك ناچارن شۆستەو کۆلانەکان پاك بکەنەوە .. شوستەی سەر شەقامەکانیش خۆ هەر باسیان ناکرێ لەبەر تەنگەشکاو تایەی فڕێ دراو بۆدیە شکاوی ئوتوموبیل رێگای روێشتنی خەڵکی نیە .

٦ - شیرو کەرەو پەنیر !

ئەمەش سەرباری گیروگرفتەکانی تر ، خەڵکی هەژاری نارەحەت کردووە .. تا ئێستاش چارەسەرێکی ئەوتۆی بۆ دانەنراوە .. دەزگای ئەلبانی هەولێر کە ئەو خواردەمەنی یانەی سەرەوە لە بەغدا ئەهێنێ بە سەر چەند دوکاندارێکی (تایبەتی دا) دابەشی دەکات .. ئەم چەند دوکانەش بە ئارەزوی خۆیان بەسەر چەند کەسانێکی تایبەتی دا دابەشی ئەکەن و خەڵکی تریش لێی بێ بەش ئەبن و دەستیان ناکەوێت . ئەمانە بە کورتی چەند گیروگرفتێکی شاری هەولیر بوون .. چاوەڕوانی چارەسەرکردن ئەکەن .. وە ئومید ئەکەین کە بتوانین لەمەولا زیاتر ئەم کەموکوریانە یەکە یەکە لەگەڵ پیشنیازەکان مان بو چارەسەرکردنیان بخەینە پیش چاوی هاو ولاتیان وکاربەدەستانی میری .

پەیامنێری هاوکاری

لاپەرەیەکی شاراوە لە مێژووی کورد

معروف قەرەداغی

راستە ئەڵێن بیری منداڵی تیژە . لەیادمە لەساڵی ١٩١٩دا کەشەڕ لەنێوان شیخ محمودی نەمرو ئینگلیزدا دەستی پێکرد ، ئەوەبوو لەرۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٩دا شیخ محمود بەدیل گیراو لەگەڵ چەن کەسێکدا برا بۆ هیندستان من لەوکاتەدا لەشاری هەڵەبجە لەپۆلی (٥)ی سەرەتاییدا لەگەڵ خوالێخۆشبو شاعیری مەزن گۆران هاودەرس و پێکەوەبووین . لە هەڵەبجە حاکمی (سیاسی جاف هەڵەبجە) کابرایێکی ئینگلیز بوو ، وە پێیان ئەوت کاپتان - لیس - جاروبار ئەهاتە مەکتەب و دەرسی ئینگلیزی ئەداینێ . بەهۆی ئەوەوە کە فارسیێکی باشی ئەزانی بەنووسین و خویندنەوەو قسەکردن ، زوو فێری کوردیش بو . جارجاریش وەرزشی پێ ئەکردین بەتایبەتی یاری فتبۆڵ و جومناستیك .

کاتێ جەنگ دەستی پێکرد کاپتان لیس لەگەڵ ئەحمەد موختاری جافدا کەقایمقام بو لەهەڵەبجەو لەگەڵ چەن سوارێکدا لەڕێی دەربەندی خانەوە گەیشتنە خانەقین لەوێوە بۆ بەغدا .

پاش ئەوە شێخ بەدیل گیراو لەشکر شکاو بڵاوەی لێکرد . سوپای ئینگلیز لەڕێی کەرکوکەوە گەیشتە سلێمانی و داگیری کرد وە لە رێی دەربەندی خانەوە گەیشتە هەڵەبجەو احمد مختارو کاپتان لیس - یش لەگەڵ ئەو سوپایەدا گەیشتنەوە هەڵەبجەو هەریەکە بۆ سەر وەزیفەی خۆی . لە دەوروپشتی هەڵەبجە خێوەتیان هەڵدا ، زوربەی سوپاکەکە سوارەو هەندێکی پیادە بون ، ئوتوموبیل و زرێپۆشیان لەگەڵ نەبو ، بەڵام باروبارگەیان بەهێسترەوە بوو . چونکە لەوکاتەدا رێگای دەربەندی خان و بەغدا و خانەقین چاك نەکرابوو ئوتوموبیلی پێدا نەئەرۆیشت . ئالەم کاتەدا لەلایەن مەلیکی بەریتانیا (جۆرج) یان حاکمی گشتی هیندستانەوە فەرمانێك نێررا (عادلەخان) کچی قادر بەگی ئەردەڵانی کە بە (خانم)ی وەسمان پاشا بەناوبانگەو دایکی احمد مختارو طاهر بەگەو هەردووکیان کوڕی وەسمان پاشای جافن .

لەو فەرمانەدا ئینگلیزەکان روتبەی (خان بەهادر)یان لەگەڵ مەدالیایێکی گرنگ بەخانم بەخشیبو .

ئەو روتبەیەش لەهەموو هیندستان و پاکستاندا کە ژمارەی دانیشتوانیان ٧٠٠-٨٠٠ ملیون کەسە تەنیا بەدوو سێ راجە بەخشرابوو . لەشکری ئینگلیز ئەوشەوە لەهەڵەبجە مایەوەو بۆ سبەینێ سەرلەبەیانی دێی (ابا عبیدە - عەبابەیلێ) ی دایە بەرتۆپ . چونکە شێخەکانی ئەودێیە کوردپەروەر بوون و سەر بەشێخ مەحمود بوون و هاوکاریان لەگەڵ دوژمندا نەئەکرد .. دێ چۆڵی کردو خەڵکەکە روویان کردە کەژەکەی پشت دێ و لەوێوە ڕوەو دێی هاوار بەڕێ کەوتن لە دەربەندی ئەشکەووڵەوە تێپەرین و لەشکری ئینگلیز بەیارمەتی هەندێ لە عەشایەری خۆفرۆش بەشوێنیانەوەبوون ، تا گەیشتنە ناو دەربەندی ئەشکەووڵە . لەشکری ئینگلیزو عەشایەرەکە بێ ئاگابون لەوە کەشیخ رەشیدو کریمی برای بە ١٠-١٢ تفەنگی کۆنی تورکییەوە ئەم بەرو ئەوبەرو هەردوو سەری دەربەندیان گرتوە . دەنگیان نەکرد تالەشکری دوژمن بەتەواوی رژایە ناو دەربەندەوە ئنجا لەهەردوو سەرەوەو لەرهەدولاوە دەستیان کرد بەشێلك لەسوپای ئینگلیزو بەرد تل کردنەوە بەسەریاندا لەماوەی ٥-٦ سەعاتدا (١٠٠-١٥٠) کەس لەسوپای ئینگلیز لەسوجەرو هندی کوژران و بریندار بون و بون بەژێر پێو سمی هێسترو تلەبەردەوە ..

ئەگەر چەکداری جافرسانی هەورامانی لهون بەفریای سوپای دوژمن (ئینگلیز)دا نەگەیشتبایە ئەو رۆژە نەفەرێك لەدوژمن دەرنەئەچوو .

